# خولیاکانی شاعیرێکی چیرۆکنووس

جەماڵ نەجاڕی/ بۆکان

که له خەو هەستا لەبەر خۆوە وتی: شێت بووم بەدەس ئەو خەونانەوە، دەبێ سبەینێ خەوە رەنگینەکانم بۆ کچانی فالگری شار بگێڕمەوە تا ئەمجارە ئەوان سەفەری وڵاتی کۆڵکەزێڕینە دەس پێبکەن.

ئاسمان سەرانسەر ماتەم و خولیاکانم لەباوەش دەگرم، شەقامەکانی تەنیایی و کۆڵانەکانی حەز و تاسەم بەجێدێڵم.

ماوەیەکە لەگەڵ هیچ درەختێکا نەمتوانیوە گەمە بکەم.. تا دارستان دەبێ چەند رێگە مابێ.. دەبێ چەنێ بەرێوە بم.. پتر له ۱۰۰۱ هەنگاوی هەتاوی.

دەمەوێ هێندە دوور بم هێندە لە خۆم و لە شارۆچکەی وشەکانم دوور ببمەوە تا بۆ هەمیشە ئەو نێوەم لەسەر لاچێ.. تا رزگار بم و ئیتر خۆم بەو نێوە فریو نەدەم.

دەمهەوێ تا رووخانێکی دی دووپات دەکەم، هەر له سەفەردا بم.. هەر لەسەفەری خۆمدا.. رەنگە بەشوێن ئەو باویلکەیە سەرگەردان بم هەمیشە خەونی بە سەفەری بێکۆتایی ئەبینی، حەزی لەو سەفەرانە بوو کە نەیدەزانی کەنگێ تەواو دەبێ و رێگاکان بەرەو کوێ دەچن هەر بۆیە من ناوی دەنێم باویلکەی سەرگەردان...

من باویلکەکانی وڵاتی دوورم گەلێ جاران خۆش ویستووە.. بەنەوازشی لەشیان، مەست بووم و یاخی و سەرکەش هەوای هەڵفڕین لەسەری داوم.

– من، منی ترسنۆکتر لە ئێوە... کوا، کوا دەرفەتێ بۆ مانەوەم! رەنگە هەر ئەم ترسە رۆژێ بێت و لەگەڵ هەنگاوەکانما تێکەڵ بێ، ۱۰۰۱ هەنگاوی هەتاوی ترسەنۆک..

هەرچی بیر دەکەمەوە، نابێ ئەم وشانە بێتە چوارچێوەی زەینم، بەڵام چ بکەم؟ .. بۆ ئەوەی ئەم ناوە لەسەرم لاچێ، دەبێ برۆم.. دەبێ بەچیرۆک دەست پێبکەم.. دەبێ خۆم قارەمانی ئەو چیرۆکە بم.. چیرۆکی سەفەر، چیرۆکی تا دارستان..

نا با خۆم بەو وشانە فریو نەدەم.. با ئاوا دەست پێبکەم..

((ئێوارەیەکی تەماوی دێمەوە لات.. تۆ لەباوەش خۆردا نوور بەش دەکەی و من..) نا نا، ئەمە ناتوانێ سەرەتایەکی باش بێ... ئەی ئاوا چۆنە؟ ((دەمەو بەیانی دەتبینم، بەجانتای پڕ لە شکۆڤەو ئەرخەوان.. چاوەکانت عاشقترن لە بەهار و مەمکەکانت دوو هەنارە پایزەی گەیشتوون..))

خەریکە شێت دەبم، نازانم بۆچی ناتوانم خۆم دەرباز بکەم لەو وشانە.. دەبێ هەڵێم.. دەبێ شەقێ لەم وشانە هەڵدەم، دەبێ گشتیان بدرێنم، دە ید رێـــنـــم د ە ی د ڕ ێ ن م...

دەخەوم، بەڵکو خەو بە چیرۆکێکی تازەوە ببینم، تەواوی لەشم چراخانە، قاقا دەکێشم.. باوکم لەسەر بەرماڵەکەی دایکم قورئان دەخوێنی، نا، پێم وایە گۆرانی دەڵێ، دایکیشم چەپڵە لێدەدات و جار جارە دەم دێنێتە پێشی و دەستە نەوتاوییەکەی باوکم ماچ دەکا..

-کاکە باوکم نەوت لە خۆمان دەدزێ و بەژنانی هاوسێی دەفرۆشێ، ئەویش بێ پارە.. بۆیە دەستەکانی هەمیشە بۆنی نەوتی لێ دێ هەرچی دەیانشوات دیسان بۆنی نەوت، رۆژەڕێیەک دەڕوا.. ژنێکی قەرەج جارێکیان فاڵی بۆ گرتەوەو پێی وت دەبێ کوڕەکەت میز بەدەستت داکا، ئەو کات خاوێن دەبێتەوەو بۆنیان لێ نایە...

-سەگباب جا من کەی بەمیزی ئەو سەگە دەهێڵم دەستنوێژم بشکێ.. قەیناکا با بۆنیان لێ بێ، بەڵام جا چۆن.. ئاخری زەمانەیە هەی رۆڵە رەببی گۆڕبەگۆڕت کەن.. ئەوە بوو بە گۆچانی پیریم، وەڵڵا هەر ئەوە مابوو میزم پێداکا..

رادەپەڕم.. خەوێکی بەسام بوو.. چاوەکانم و رێگەی خەو و وڵاتی بێ خەبەری.. قەڵەمەکە هێشتا لەدەستم دایە، نا، وشەکان تازە نین، دەڵێم با ناوی (لەیلا)شی تێدابێ، جارێک وتی، ئەمجارە ئەگەر شیعرت نووسی.. نا تازە من بڕیارم داوە شتی وا نەنووسم.. باشە ئەگەر ویستت بنووسی.. مەبەست چیرۆکە.. ئەرێ تکایە با ناوی منیشی تێدابێ.. دەڵێم چیرۆکی دڵداری من و لەیلا دەبێ چۆن بێ؟ ناوی لەیلا بوو.. خۆی دەیوت: ئاشقی باڵای شیعرەکانتم.. ئەی خۆم.. ئاشقی .. من و حەز و چاوەکانی.. زۆر جار لەگەڵ یەکا تەواوی شار دەگەڕاین.. کۆڵان بەکۆڵان، شەقام بەشەقام.. بەڵام کە بەوردی بیر دەکەمەوە هێشتا ١٠٠١ کۆڵانیتر ماوە، من و لەیلا تێیدا پیاسە بکەین.. ١٠٠١ کۆڵان رەنگە هێشتا لەوێ باران نەباریبێ و لەیلا بەبۆنی تۆزی ئەم شوێنانە دڵی بگیرێ و هەزار جار دوعام لێ بکا.. خوایە وای لێ بکەی قەت نەتوانێ شیعر بنووسێ.. منیش لەدەستەکانی ئەودا ئیشتیای گریانم دەکرد.. بەڵام ئێستا، خوایە تکات لێدەکەم دوعای لەیلا قبووڵ بکەی، یاخوا ماڵی شیعر ویران بێ.. کاتێ دەستم پێکرد، هەر خۆم بووم و هێندێ وشەی وێڵ و سەرشێت و دووچاوی شینی لەیلا.. دەبێ لەیلا شەرێکی تاوانەکانم بێ، خۆ ئەگەر ئەو نەبووایە من ئێستا نەمدەزانی تا دارستان دەبێ ١٠٠١ رۆژی سەوز بەڕێوەبم. لەیلا تازە بۆتە ١٨ساڵ، ١٨ ساڵە لەگەڵ خەمەکانی منا گەورە دەبێ، کچێکی رەزا سووکە.. ئێستا لەجاران جوانترە، ئەگەر باوەڕناکەن سوێندتان بۆ دەخۆم هەر چاوێکی بەقەد دوو چاوی منە، کەڵەگەت و باڵا

بەرزە، دەڵێی چنارە بەرێدا دەڕوات.. حەزی لە شتی جۆراوجۆرە.. جارێ پێی وتم وەرە با پێکەوە سواری ماتۆڕ بین، من لێی دەخورم، گریانم هات، وەمزانی شێت بووە.. دەترسام تەواوی خەڵکی شار پێمان پێبکەنن.. چا چا ئەوە کوڕە شاعیرەکەیە وا لەپشت ئەو کچە.. هەر بۆیە دەبێ چیرۆک بنووسم.

-نا نا من دەبێ شان بەشانی لەیلا بەرێگادا بڕۆم

-تووڕەم.. بەخوا ئیتر گەمەت لەگەڵ ناکەم.. دەڵێم تۆ بەباویلکەیەکی وڵاتی زۆ دوورتر لە ئێرە بگۆڕمەوە..

تا چاو هەتەر دەکا ڕێگایە.. فرمێسکەکانت دەسڕی.. مەگری.. مەگری.. ها مستێ لەم عەترە بۆن کە با دڵت نەگیرێ.. چاوت هەڵێنە.. دارەکان دانە دانە بژمێرە.. ئەم ئاسمانە کوڵی گریانی هەستاوە.. لەیلا چەترەکانت لەبیر نەچووە؟ ڕاوەستە .. جێم مەهێڵە.. ئێستا تا سنووری ماچ دەبێ پێکەوە بین، دوایی بۆ کوێ دەڕۆی بڕۆ.. نا نا .. دەترسم لە خەونەکانتا ونم کەی.. من لەناو وڵاتی تاریکی و تارماییدا بەشوێن کەسێکا دەگەڕێم، ناوی لەیلایە.. ١٨ ساڵێتی.. دوو چاوی شینی هەیە.. نەختێ شێوەی ئەم مانگە چاردەیە دەدا.. ئێوە هیچ کام نەتاندیوە.. پاڵی دابوو بە دار گوێزەکەوە.. دەمزانی بیر لە چی دەکاتەوە.. هەر بۆیە بێدەنگ بووم.. نەمتوانی خۆم ڕاگرم.. (ئەگەر زۆر رقم هەستێنی بەجێت دێڵم.. دوایی نەڵێی ڕۆیشت و منی لە شەقامێکی پڕ لە ماتۆڕدا بەجێهێشت) کە منداڵ بووین بەو قسانە پێدەکەنین، بەڵام ئێستا لەیلاش لاسار بووە.

- ڕۆڵە خودا ڕەحمی پێ بکا، دەڵێی جندۆکەی لەگەڵە.. جاروبار شتی وا دەڵێ پیاو سەری سوڕ دەمێنێ، بۆ وێنە دەڵێ: دەبێ ئەم دار گوێزە لە حەوشە لاچێ، لەبەر لق و پۆپی ئەم دارە خۆر دیارنییە،.. کوڕە چووزانم، پیاو شتی وا دەبیستێ بۆ باسکردن نابێ...

ئێوارە .. ئاسمان چۆڵ.. هەر ئەوەندەم لەبیرە لەرێدام و دەبێ بەرێوەبم.. کەسێک لە کۆتایی جادەکانا دەیقیژاند، زەنازەنا و هاواری هەی ڕۆ هەی ڕۆی ژنێک لەوانەبوو گوێچکەم کەڕکا..

-کاکە دەڵێن لەیلا بەماتۆڕ خۆی بەدارگوێزەکەی حەوشەدا داوە و ئێستا لە نەخۆشخانەیە و لە گیانەڵڵادایە.. (با تۆش) بێدەنگبە.. توخوا لەیلا با ناوی تۆ لەم چیرۆکەدا نەبێ گوێچکەت بێنە: بڕیار دەدەم شیعرێکی درێژت بۆ بنووسم، بەڵام کەس تێنەگا، بەو مەرجەی تۆ چاببیەوە.. ناوی دەنێم ((شیعرێکی درێژ بۆ لەیلا))

(نا نا تازە بڕیارت دا ناوی لەیلای تێدابێ.. پیاو ئەگەر پیاو بێ لەسەر قسەی خۆی دەمێنێ) با غرووری خۆم بشکێنم و دەس لە نووسینی ئەم چیرۆکە هەڵگرم، لەوەتا دەنووسم تەنیا جارێک نووسراوەکانی خۆم دڕاندووە، بڕواناکەن ئەم نووسراوەیەش تام و بۆنی شیعری لێ دێ.. توخوا بەلەیلا مەڵێن، دەمهەوێ بەشاهێدی گشتتان ئەم نووسراوەیە بدڕێنم.. دە بدڕێنم، د ە ی د ڕ ێ ن م، دەمێکە خەونی ڕەنگینم نەدیوە.. کچانی شار چاوەڕوانی خەونە ڕەنگینەکانمن (ئەی بێ ویژدان، ئەی بێ شەرم، مەگەر نەموت دەس هەڵگرە لەو کچە).

( با چەن ڕۆژان لە دەرەوەی شار بمێنمەوە).. (تا باران نەبارێ نایەمەوە سەر شەقام).. خۆ لە بن چەترێکا دەشارمەوە.. چاو دەبڕمە ئەوانەی دووبەدوو سواری ماتۆڕ دەبن.

-(کاکە باران تەواو بووە، چەترەکە لانابەی؟)

-نا هێشتا ١٠٠١ دڵۆپی تر لە ئاسمانەوە بەرێوەن، پێشتر ئەم هەواڵە لە ڕادیۆکانی باکووردا

بڵاوبۆتەوە.. با چاوەکانم لێک بنێم و ساتێ بیر لە هیچ شتێک نەکەمەوە، تەنانەت لە ١٠٠١یش، بە منداڵی لە بن دارە گوێزەکەدا وتی: ١٠٠٠ لە هەموو شتێک زۆرترە.. منیش وتم ئەی ١٠٠١؟ بەو قسەیە هەردووکمان تا ئێوارە پێکەنین.. دایکم دەیوت لەیلا شتی سەیر دەڵێ، بڵێی مەبەستی لەیلا.. نا نا با بیر لەوانە نەکەمەوە..

ئێستا لەو دار گوێزە هیچ نەماوە.. لەیلا بەئاواتی خۆی گەیی.. ئەم قسەیەم لە دوو سێ جێگە بیستووە.. حەوشەکەش لە جیاتی گەورەتر بێ، بچووک بۆتەوە.. بۆتە دووبەش بەشێکی بۆ بیرەوەرییەکانی من و بەشێک بۆ بیرەوەرییەکانی لەیلا.. ١٠٠١ بیرەوەری تاڵ و شیرین..

نا، ناتوانم بیر لەوانە نەکەمەوە، من بەو شتانە ژیاوم، من لەگەڵ تۆدا گەورەبووم و تۆ لەناو خەمەکانی منا گەورە بووی، خەمەکانم بوون بە شیعر و لە شیعرەکانما گەز گەز بالاّت دەکرد، بالاّت ١٧٥ سانتی مەترە، منیش سانتێ لە تۆ و لە ١٧٥ زیاترم. ١٨ ساڵی تەواو لەو حەوشەیەدا پێکەوە بووین.. ١٠٠١ جار لە بن دارە گوێزەکە من پشتی لەیلام خوراندو ١٠٠٠ جاریش لەیلا پشتی منی خوراند، تا ئەو سەری حەوشە هەڵدەهاتین، جاروبار ئەو دەبوو بە بووک و تارایەکی سووری لەسەر دەنا، منیش لەپاڵ ئەودا رادەوەستام.. زاوا.. نا، مەحاڵە) ئێمە ئەو کچە بەو هەتیوە سەر شێتە نادەین، کەس نازانێ چی دەڵێ و چی دەنووسێ؟) «دەڵێ بوومەتە نووسەر. هەی خوێناو هەڵێنی بەخۆت و بەو نووسراوانەت) (کوڕەکەی ئێمەشی شێت و شۆر کردووە.. نە ئاو دەخوا، نەنان دەخوا.. ئەی خودایە لەدەست ئەم شێتە.. هەر بۆ خۆتی بەریەوە.. خۆم دەزانم هەرچی دەیکێشم لەو نووسراوانەیە، ئەویش خەتای خۆی و ئەو چاوانەی بوو، دەنا کوا ئەوەندە سەر وکارم لەگەڵ قەڵەم و کاغەز بوو..

-سەگباب.. خودا لە منت بستێنێ، ئابڕووت بردووم لەلای جیران و کەس و کار.. ئەو حەرامزادەیە هەر دەڵێی لە منیش نەبووە.. تەواو چۆتە سەر دایکە سەگەکەی.. دایکە گا..

بەخێرا ئەگەر باوکم نەبوایەی... هیچ...

(دەڵێم نیوەشەوێک هەستم بێ ئەوەی خۆی بزانێ، ئەوەندە میز بەدەستەکانیدا کەم تا..

چەن رۆژە نەخشەی ئەم شەوە دەکێشم و هێشتا میزم نەکردووە)

- ئۆ رۆڵە دەمێکە نەخەوتووی... شەوانە کەس نازانێ خەریکی چیت؟ رۆڵە تکات لێدەکەم بنوو، واز بێنە لەیلا ... لەیلاش سەگێکە وەک تۆ، ئەمەیان باوکت ئەیوت.

دەمێکە تەلەفۆن ناکا.. دەمێکە لێی بێ خەبەرم.. دەمێکە نەمدیوە..

- (دەڵێم رۆڵە بڵێی شووی بەپیاوێکی ماتۆڕسوار نەکردبێ؟... دەڵێن جارێکیان لەشەقام لەگەڵ پیاوێکا بەماتۆڕ دیویانە..

پڕ بەتەواوی شەقام هاوار دەکەم: لەیلایەکم لێ ونبووە.. ١٨ ساڵیەتی.. دوو چاوی شینی هەیە، ئێوە هیچ کام نەتاندیوە؟... ئەوانە دەیناسن خۆیان گێل دەکەن و بەلای منا تێدەپەڕن.. دەچمە ناو شەقام، نووسراوەکە هەڵدەهێنم.. (من ئەو شیعرە درێژەم بۆ لەیلا نووسیوە..)

١٠٠١ جار خۆم لەعنەت دەکەم

دارەکان دانە دانە دەژمێرم.